# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## (وَالْعَصْرِإِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍإِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)

له دەرسەکانی أسماء الله و ئەفعاله جل جلاله عظم شأنه موستەمیڕو بەردەوام دەبین له خزمەتتان، له سێزدەمین بەش له بەشەکانی أسماء الله که حەفتەی پێشتریّ جوملەك سوئال و جەواب هەبوو له خزمەتتان، ئەوەی پێمان کرا جوابمان داوە، جوملەکیتکەش مایه وه ئەوڕۆ موباشیر ئەوی تەعلیق و تەوضیحاتی هەبی له مەوزوع له مادده، دەکریّ إن شاء الله موباشیر بپرسی، لۆوەی موباشیر لەبۆی روون بکەینەوە.

نوقتەکی موهیم هەیه له مادده دەمەویّ ئەوه نزیکەی دەیەمین جاره تیکراری دەکەین، ئەویش (وَلِلَّهِ الأَسْمَاءُ الْحُسْنَى) لێره راناوەستین تەکمیلەی دەکەین (فَادْعُوهُ بِهَا)، عیلمەن ئەغلەبی مەوجودین بەفەزلی خوای هیچ نەبی زەمەنەك له عومری خۆی صەرف کردیه لەبۆ چۆنیەتی ناسینی خوای، وه چۆنیەتی دروست کردنی عیلاقەی صەحیح لەگەڵ ذاتی رب العالمین، ئەمما لەبەر ئەوەی ناسینەکەمان وەکو ناسینی رسول الله محمد نەبووه علیه الصلاة والسلام، یاخود وەکی جەمعی صەحابەی کیرامی جیلی یەکەم که سەید رەحمەتی خوای لێبی ناویانی لێنایه جیل قرآني فرید، بینائمان وەکو وان نەبووه، لۆیه ئەگەر هەمووشمان نەبی نسبەکی زۆرمان له ئەسماء و ئەفعالەکانی خوای شارەزایمان هەیه نسبەتەك موعەیەن.

بەتەصەوڕم کەسمان غافل نینه لەوەی کەباری تەعالا ئیسمی رەقیببی هەیه، یاخود سەمیع و بەصیر لەلای هەموومان ئەوه مەعلومه، ئەمما بێینه عومقی ئائەو ئەسمائانه، چەند ئەو ئیسمه حەقیقەتی لەناو داخیلمان مەوجوده؟ ئەو مەقصودمانه لەو ئەسمائانه.

لەدروسی پێشترێ بەحثی ئەوەمان کرد، لێرە لە خزمەتتان بەحثی ئەوە نییە ئەو ئیسمە لە لوغەی عەڕەبی لە زمانی عەڕەبی موشتەقاتی فلان کەلیمەیە، ئەوە مەدلولیتی ئەوەندە جارە هاتیە، وە فیعلەن ئەمە بچین بەلیستە ناوەکانی خوای جل جلالە لەبەر بکرێ، حیفظ بکرێ لە سینگ، وە کەینێ ویستی تیعدادی بکا بە تەسبیح، بتانی فیعلەن موسەیطربی لە سەر تیعدادەکەش، عیلمەن مەطلوبی خوای جل جلالە لە ذاتی بەشەر ئەوە نەبووە.

لە دەرسەکانی پێشترێ بەحثی ئەوەمان کرد یەکەمین ئایەت کە باری تەعالا تێیدا بەحثی خالقییەتی خۆی دەکا کە خالیقە جل جلالە، جوملەی صەحابەی کیڕام تەوەجوهی ئەوەیان کردیە کو فیعلی الخالق لە داخیلی خۆیان زیندوو کەنەوە، ئەوجا مومارەسەی ئەو حالەتەیان کردیە عیلاقەکی نەوعی بەینی خۆیان و بەینی باری تەعالا لە سەر فیعلی الخالق دروست بووە، نەفسی شت لە سەر کەلیمەی رب، ربك، رەبي، لۆوەی لەگەر ئەهلی کیتاب کە ئەوانیش ئینجیل و تەوڕات و زەبوڕ و شتی وایان لۆهاتیە فاریق هەبی، فەرقیان هەبی.

مەثەلەن ئەبو بەکر دەیدیت صوهەیب مەسیحیە لە مەککە ئینجیل دەخینی، ئەمما ئەو ئینجیلە کە زۆر لە ناوی یا فیعلی موبارەکی خوای تێدا مەوجودە، نەیتانیە ئەو ئینجیلە ئەو حالەتە صەمیمیە بەینی مەسیحیەکان و بەینی خوای دروست کا، کە ئەبو بەکر ئەو حالەتە لە صوهەیب دەبینی، بەخەلەل نیشانی دەکا خەتی سۆری لەبن دادەنێ، کە باری تەعالا پاشی ئەوەی وەحی لە بۆ ذاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دینتە خوارێ، اسمی خالقییەتی خوای لە ناو یەکەمین مەقطەعی ئایەتی (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق ١)(خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ)، لۆوەی ئەبو بەکر وەکی مەسیحیەکان و وەکی جولەکەکانی ئەو زەمانی لێ نەیێ دەبی شتەك ئەدا بکا لە سەرخۆی عیلمەن چاوی نەفسی چاوی صوهەیبە، گێی نەفسی گێ یە، بەدەنی دەستی ئەوانەی هەمووی وەکی وییە.

دەبی فەرقەکی هەبی، فەرقەکە لە شکل و گێ و سەرو چاوی نییە، فەرقەکە دەبی لە داخیل تەغیرەك هەبی، لە داخیل ئەبو بەکر فیعلەك ئیرادی بە ویستی خۆی پێی هەستی بەنیسبەت داخیلی ناوی لێبنێین عەمەلیات، عەمەلیاتەکی بکا خۆی لە سەرخۆی، لۆوەی ئەو فەرقە بەینی ئەبو بەکر و بەینی قەشەکی مەسیحی ببی، چونکی ئەگەر ئەبو بەکر لە کابرای مەسیحی بپرسیبا کێ مەککەی خەلق کردیە؟ دەیگۆ خوا، کێ ئەتوی خەلق کردیە؟ دەیگۆ خوا، کێ ئاوی خەلق کردیە؟ دەیگۆ خوا، کابرای مەسیحی ئەوهای جواب دەداوە.

ئیذەن ئەگەر ئەبو بەکریش وەکی وی بلێ بەینی ئەبو بەکر بەینی ئەو ذاتەی فەرق نییە، عیلمەن ئەبو بەکر دەزانی ئەوە ئینحیڕافی کردیە، لە خەتی صەحیحی ئەنبیاء و روسول لای دایە، مەعلوماتەکانی مێشکی کابرای مەسیحی قەشەکە کە مەعلومات بە نسبەت ذاتی رب العالمین، نەك لەبۆ مەفهومی شیرك ئەوندە فەرقی نییە لەگەر ئەو مەعلوماتانەی کە لە ناو قورئان مەوجودە، ماعەدای قەضیەی شیرك،ئەها باری تەعالا لە زۆر جێ لە قورئان ئیشارەت لەبۆ ئەوحالەتەی دەکا: (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ) موشریکەکان (لَيَقُولُنَّ اللَّهُ)، خوایان بەوەی دەناسی کە فیعلەن خالیقی عارد و عاسمانە، حەتتا (قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ) (المؤمنون ٨٦).

ئیذەن جوملەك مەعاریف لە مێشکی مەسیحیەکان هەیە ئەگەر هاتوو نەقلەك نەوعی تەغیرەك لە داخیلی ئەبو بەکر روو نەدا مێشکی ئەبو بەکریش وەکی مێشکی وی لێدێ، ئیذەن با هەر تەسبیحات بە سبحان الله بکا ئەگەر لە داخیل تەغیر نەبووبی خالقییەتی خوای رەزاقیەتی خوای سەمیعی و بەصیری خوای لە داخیلی خۆی زیندوو نەکاتەوە و ئیحیا نەکاتەوە هیچ فەرقەکی نابی، فەرقەکی لێ دروست نابی بەینی خۆی و بەینی کابرای مەسیحی.

لۆیە لە ئەسنای تیکراری ئەو حالەتەی ئەوە تەقریبەن دوازدەمین جارە ئیعادەی دەکەینەوە ئەوەی مەطلوب لەمە ئەوە نییە، فیعلەن ئەسمائی خوای وەکو لە حەدیث مەذکورە لەترمیذی روایەتی دەکا، (عَنِ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ « إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْماً مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ ». رواەالترمیذي ئەمە بێین هەمووی ذهنیەن لە بەر کەین، ئەگەر لە بەرمان کرد بەس لە مێشکمان طەبع بوو تەحویل نەبوو لەبۆ داخیل، چ فەرقمان نییە لەگەر کابرایەکی عادی کە فیعلەن رەقیبی و سەمیعی خوای لە کن مەجهولە، لۆیە غەش دەکا خیداع دەکا فێر دەکا تەرەکە بازی دەکا قۆڵ دەبری، هەرچی ئیجرامیشە دەیکا.

موحتەمەلە لە مەش جیلەك دروست ببی ئەو شتانەش بکەین ئەمما بە ئوصولی فیقهـ لۆ خۆمان تەبریر بکەین، زۆرجار وەختی خۆی تووشی بووینە، ئەمە خۆمان غیبەتمان کردیە عیلمەن دەزانین باری تەعالا دەمانبینی، وە موباشیر کۆمپیوتەرییەن دەنوسی ئەمما لۆ خۆمان تەبریرمان کردیە، گوتیتمان قەیدی ناکا ئەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حەدیثی هەیە، (أذكر الفاجر بما فيه كي يحذره الناس)، حەدیثە با ئەو کابرا فاسقە بەحثی بکەین لۆ خۆمان تەبریرمان کردیە گوناح، لۆوەی فیعلەن بتانین بەینی خۆمان و بەینی خوای عیلاقەك ئەتەکێتی و دبلۆماسی دروست کەین، کأنە ئەوها

له تەصەوڕمانە باری تەعالاش والعیاذ باللە بەشەرەکە دەکرێ تەفەنونی لەگەر بکرێ، دەکرێ لەگەر خوای دبلۆماسیەت بکرێ، دەکرێ کو حیلە لەو بەشەرەی دەکرێ لەو ئینسانەی موقابیلە دەکرێ حیلە لەخواش بکرێ والعیاذ باللە.

لۆیە مەقصود لە دروسی أسماء اللە و أفعالە حەقیقەتەن خوای بناسین کما هو، کوش؟ کو لە قوڕئان هاتبی ئەبەو نەوعەی، لۆیە تەئکید لە سەر تەرتیبی نزولی قوڕئان دەکەین، رسول اللە محمد (صلی اللە علیە وسلم) کە عیلاقەی ئیمانی بەینی خۆی و بەینی باری تەعالا دروست بوو، بە تەرتیبی نزولی قوڕئان دروست بوو، هەر لە سوڕەتی علق پاشان سوڕەتی قلم پاشان مزمل مدثر سبح أسم ربك الاعلى، سوڕەتی فاتیحە. بەو تەرتیبەی عیلاقەی لەگەر ذاتی رب العالمین دروست بوو.

یەعنی کە لەبۆ خزمەت پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) قوڕئان دادەبەزی بەوەحی، تەفاعولی لە داخیلی پێغەمبەر دروست دەبوو بەئیمان، عەینی وەقت کتابەکیشی لەبۆ نەدەهات بەناوی کتابی عەقائید شەرح بی لەبۆ قوڕئانەکەی، ئەوەی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەرێی قوڕئان تێی ناگا کتابی عەقائید لەبۆی تەفصیل کا، لۆیە لەبۆ ذاتی پێغەمبەر کتابی عەقائید نەهات، حەتتا موصعەبیش ئەبو بەکریش کوتوبی عەقائیدیان نەبوو. باشە لۆ ئیمانیان وەکی ئیمانی مە نەبوو؟ ئەگەر ئیمانی خۆمان یاخود ناسینی خوای جل جلالە میزانەك دابنێین، ئەوان کو خوایان ناسیە بەو میزانەی معیارەکەی وەربگرین، ناسینی خوای لەکنە خۆشمان پێ موقایەسە و معیار بکەین، لە بۆمان کەشف دەبی فیعلەن قصوری زۆرمان هەیە، تەقصیری زۆرمان هەیە لە ناسینی ذاتی رب العالمین.

لۆیە تەرتیبی نزول گەورەترین کلیلە وە خەریتەیە لەبۆ حەقیقەتی ناسینی خوای، کەینێ خوامان ناسی بەحەقیقەت وفقی معیاری قوڕئان، ئەو وەختی قەناعەتتان هەبی هیچ یەك لەمە گوناهەك ناکا، چونکی پێشی ئەوەی گوناهەکەی بکا دەبی خۆی خۆی ئیقناع کا کە فیعلەن خوا بەو گوناهەی ئاگادارنییە، عیلمی نییە، باری تەعالا نایبینی لە ئەثنای ئەو گوناهەی، ئەوجا گچکەبی یاخود گەورە، هەر لە وەیەوە ئەوجا سەبر سەبر تەطەوڕ دەکا مەوضوع لەبۆ ئموریتکە.

مەثەلەن باری تەعالا رەزاقە، رەزاقییەتی باری تەعالای لە داخیلی دەیهینیتە قەناعەت کە ئیحتیاج بەغەش ناکا، غەش لە موجتەمەع بکا، باری تەعالا خەریتەکی ضەخمی هەیە لە ئاسمان وفقی ئەو خەریتەیەی رزقی بەشەرییەت هەموو مەخلوقان دینتە خوارێ،ئیذەن ئیحتیاج بەوەی ناکا ئەو لۆفە و

دەوەڕان بکا لە کڕین و فرۆشتن، یاخود رەشوەت وەربگری لە وەظیفە، چونکی موقتەنیعە بەوەی خودا جل جلالە رەزاقە، ئەو حالەتانە کو دروست دەبی؟ وفقی ئیرادەی قورئان.

لۆیە قورئان پڕیتی لەو مەنطقانە کە دەفەرمی: (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ) (عبس ٢٤))، (أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ) (الواقعة ٦٨)(أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ) (الواقعة ٦٩)، (أَفَرَأَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ) (الواقعة ٦٣)(أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ) (الواقعة ٦٤)، بەحتی دەقیقترین شت ضەییفترین تەسکترین حەلەقە کە مەربوطە بە ذاتی ئینسان، حەتتا بەحتی فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ، أَفَلَا يَنظُرُونَ) أَفَلا؟ أَفَلَا؟ لۆوەی فیعلەن ئەسماءو ئەفعالی خوای لە داخیلی دروست ببی.

زۆربەی رۆژەکان ئەسئیلە لە مێشکمان دروست دەبی لەوەی کە بەعزە مەخلوقات دەبینین ئەگەر هاتوو فیعلەن ذهنمان ئیشی کرد، مەثەلەن پەپولە باری تەعالا لۆ خەلقی کردیە؟ داعی چییە لەبۆ خەلقی پەپولە؟ بولبول؟ چ ئیستیفادەمان لە بولبولی بووە؟ باری تەعالا خەلقی کردیە؟ وقس على ذلك، ئەوجا ئەمثیلەی زۆر زۆر قەناعەتتان هەبی، هەمووی لەقطە لەقطە وەکو: ولله المثل الاعلى، کابرایەك مەثەلەکە حاشاکی خوای، کابرایەك ملیاردێربی رێکترین نایابترین سینەما دروست کا، وە باشترین سیناریۆ لە سیناریەك طەلەب بکا، راقیترین فلیمی لەبۆ دروست کەن، ئەوجا لەو سینەما راقیە ئەو فلیمە خۆشە عەجیبە تەقدیم بکرێ و پشان بدرێ، کەینێ کە دیتی کابرای ساحێبی سینەما خەلك ئیقبال و چونی لەبۆ سینەمایەکەی نیە، موحتەمەلە لە داخیلی خۆی خەم بخوا و خەفەت بخوا. قەناعەتتان هەبی یەك زەڕڕە لە وجود، یەك زەڕڕە گەردیلە یەك خەلییە خانە باری تەعالا بەبێ هەدەف خەلقی نەکردیە لە وجود بەتاتەن، هەمووی هەدەفی خۆی هەیە، هەر لە گچکە هەتا گەورە، ئەمما داینایە بێ ئەو ذاتە کە ناوی لەخۆینایە مسوڵمان قیطعە قیطعە، شەریحە شەریحە وەریگری و قیرائەی بکا، لۆوەی فیعلەن خوای بناسی.

یەك لەو فیعلانە باری تەعالا بەداعەتی هەیە لە تەصویر کردن، چ موصەویرەك چ رەسامەك ناگاتە خوای جل جلالە لە تەلوین ئەو لەونانەی کە دەداتە بولبول، یان دەداتە مەخلوقاتیتکە موحتەمەلە طاوستان بە رەسم دیتبی، فیعلەن کە تەماشای دەکەی حالەتەك لە داخیل دروست دەبی، هیچ تەعبیرەکت پێ ناکرێ ماعەدای بلێی سبحان الله، کەینێ ئەو تەعبیرە دروست نەبوو لە داخیل و بە زمان ئەو تەسبیحە نەکرا دەبی ئەو ذاتە موراجەعەی خۆی بکا کە فیعلەن باری تەعالا بەدیعە لە

تەصویر، بەدیعه له رەسم گرتن، بەدیعه له تەلوین دانان، بەدیعه له صەوت دروست کردن، هەمووش بەخەریتەی موعەیەن.

بولبولەکی گچکه سێزده سیمفۆنی دەردەکا، سێزده نەغمەی دەنگ دەردەکا، عیلمەن حونجورەکەی له حونجورەی بەشەری گچکەتره، کێ فێره ئەو سیمفۆنیەی کرد؟ له چ کولیەکی فێری بوو؟ کو تانی فیعلەن بەینی ئائەو نەغمەیه لەگەر نەغمەی دی فەصل کا فەرق کا؟ هەتا بەو نەوعەی عەن صیفەی یاخود اسمی خالقییەتی خالیق نەناسین زەمینه دروست نەکەین لەبۆ ئائەو فیعله ئەسماء و ئەفعالیتکەی باری تەعالا سەبر سەبر له داخیل ئیحیا نابتەوه.

لۆیه غالیبەمان لێره دەزانین خوا جل جلاله له ناو حەمامیش دەمانبینی، ئەمما زۆر طەبیعیه گوناهان بکەین له ناو برادەرانیش زمانمان پێ نەگیرێ، چاومان پێ نەگیرێ، گێمان پێ نەگیرێ، دەست و دەومان پێ نەگیرێ، هیچ نەبی قەلبمان پێ نەگیرێ، که ئەنواع و ئەشکالی خەطەراتی سلبی جارەك باری تەعالا به سوء الظن ناوی دەبا، جارەك بەحەسادەت ناوی دەبا، جارەك به کیبر ناوی دەبا، ئەوه هەمووی نەخۆشی سەرەطانی، له سەرەطانی پیستره له ناوداخیلی ئینسان مەوجوده.

فەلۆیه مەقاصدمان لەو دروسانه هەمووی دروست کردنی مەعریفه، ناسینی خوای صەحیح کماهو دوور له کتوب هەرچ کتابەك بی، چونکی رسول الله محمد (صلی الله علیه وسلم) بەس ئەوەی لۆهاته خوارێ بەس بەوەی خوای ناسی، ئەوجا فیعلەن پاشان تانی عیبادەتی بکا وفقی ناسینەکەی.

چەند جارەك تیکرارمان کردتەوه دیسان ئیعادەی دەکەمەوه، پێشی قیچەکی لێره نوێژی عەسرمان کرد، قەناعەتتان هەبی ئەو چار رکاعەته ئەمه کردیتمان ئەبو بەکریش هەر ئەوەندەی کردیه، ئەمما چونکی ئیمانی وی پاشی ناسینی خوای به حەقیقەت، نوێژەکەی لەو نەوعەی بوو باری تەعالا پێی برێ: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ)(العنکبوت ٤٥) ئەمما نوێژی مه وەنییه، ئەگەر صادق بین لەگەر خۆمان، ئەگەر صەریح بین، عیلمەن باری تەعالا هەموو لەحەضاتمان هەمووی به ئەجهیزەی خاصی خۆی تەصویردەکا، لۆیه رۆژی قیامەت وەکو جیهازەك دەردینی ناوی نایه کیتاب، (اقْرَأْ كَتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيباً) (الإسراء ١٤) هەتا ئالەتەکه خۆی خۆی ئیستیفسار دەکا، (مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا)(الكهف٤٩)، کەلیمەی ئیحصاء غەیری تیعداده، ئەها دائیرەی ئیحصاء هەیه له هەولێر لەلای نەقلیات.

کەلیمەی ئیحصا مەعنای چییە؟ یەعنی هەرچی ماهییەت و کونهی شتەکەی بزانی ذاتەکە، لۆیە حەتتا لە حەدیثەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کەدەفەرمی: (إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْماً)(مأتا الا واحد من احصاها) ابو هريره ريوايەتی كرديە، نالێ من عدها، عەداد یەعنی ژماردن، یەك دوو سێ چار هەتا سەتی ئەوە تیعدادە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەحەدیثەکەی دەفەرمی: (مَنْ أَحْصَاهَا) یەعنی بچتە ناو هەموو حەقائیقی ئەو ئیسم و فیعلانە، ئەوجا پاشان خوای دەناسی، کە ناسی وفقی ئیرادەی خوای مەعریفەتی خوای عیبادەتی دەکا، ئەوجا بالنتیجە باری تەعالا دەیهاوێتە جەننەت، (مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ)، نەك من عدها تیعدادی کا بیژمێری، لۆیە (وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً)، (مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَداً (الكهف ٤٩).

لۆیە بەقەناعەتی خۆم هەرچی تەعەبودات پاشی مەعیرەفەتی خوای صەحیح نەبی باری تەعالا خەتی سۆری بەبن دادەینی، با کابرا نیەتی نوێژبی ئەمما بێ تەقلەی بکا خوا لێی قبول دەکا؟ بەنیەتی نوێژ تەقلەی لێبدا، لە نیەتی رۆژی بگری ئەمما بە شەو بە رۆژی بی هەتا سبەینێ خوا قبولی دەکا؟ لۆیە ئیجماعی ئوممە لە سەر ئەوەیە عیبادەت قبوڵ ناکرێ هەتا ئیخلاصییەتی تێدا نەبی شەرطی یەکەم، شەرطی دووەم وفقی ویستی خوای نەبی.

باری تەعالا بەرنامەجی هەیە لەبۆ نوێژ دەبی بەو نەوعەی بی، ئەو نوێژە بەو نەوعەی ئەدا بکرێ، ئەمما ساحێبی نوێژەکەی نەناسی، وەکو کابرایەك بیلاتشبیهـ هەر نوێژی بکەینە مەثەل موقابەلەی محافظەکی دەکا، بەشەرەکە ئینسانەکە پری زگی پیساییە، ئەمما پێشی ئەوەی بچیتەکنی کلێشەی لۆخۆی دروست دەکا لە ناو داخیلی، کە چوومە کنی ئەمن ئەوها دەلێم، ئەگەر ئەو وەیگۆ ئەمن وەدەرێمەوە، چ سوئالی کرد جوابی ئەوها بی، خۆی ئیستیعداد پاشان خۆی رێك وپێك دەیەخی هندام وجلکی رێك وپێك دەکا، باشە ئەگەر چووە کن موحافظی مێزو کورسی موحافظی لەو لای بوو، ئەو رووی لە پەنجەرەی کرد قسەی کرد مەعقولە؟ مەعقول نییەشتەکە، یاخود روی لەموحافظی کرد ئەمما لەجیاتی قسەی چاك جوونی پێدا، زمانی تێك ئارا و قسەی ناشرینی بە سەر زمانی هاتەدەرێ، لێی قبور دەکا موحافظ؟ نەخێر. ئەگەر هاتو حەتتا ئەو سوئالانەی کە بەتەمایە ئەو مەوزوعەی بە تەمایە لەبۆ موحافظی بەحث کا قەلبی کرد سەرا و بنی کرد لێی قبور دەکا موحافظ؟ یان تێی دەگا؟ بەشێتی دانانێ ئەو ذاتە؟

ئەگەر فیعلەن ئەو میثالەی بینینە ناو نوێژ، ذات بچتە بەرامبەر باری تەعالا نەك موحافظ، نەك رەئیس جمهور، نەك أمیر المؤمنین، نەك رسول الله، الله ذاتە، پێشی بلێ ئییاك، لەزمانی عەرەبی کاف کافی موخاطەبەیە، یەعنی بەینی ذات و بەینی موقابیل دەبی مەترەك بی لۆوەی فیعلەن گێی لە توبی، پێی دەرێ کیف صحتك؟ کیف أحوالك؟ دەبی موباشیر لەگەر یەك بن، باری تەعالا وەجهی موبارەکی خۆی بەرامبەر وەجهی ئەو عەبدەی دانایە، موخاطەبەی لەگەر دەکا، راستە راوەستایە ئەوها ئەمما(إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) (الفاتحة ٥)) کابرا چویتە بەستۆرەی لە نەورۆزێیە یان لە شێخەڵلایە، جیهازی باری تەعالا چ لە داخیلی ذاتەکەی ببینی ئەو تەصویر دەکا، رۆژی قیامەت ئەو دێتە پێش چاوی بەرێ نوێژی کردیە گۆتیتی (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)، ئەمما لەبۆ فلان شتی لە تەصەوری چ هەبووە؟ کان یعبدوا ذاك و یستعین بە، نەك تەلەفوضەکەی لێ قبوردەکا باری تەعالا.

لۆیە ناسینی حەقیقەتی خوای کما هو بە قورئان ئیسمەکانی و فیعلەکانی و عیبادەت کردنی وفقی وەی خەریتەی وەحیدە یەکەمە وە ئەخیریشە، وە واسطەی یەکەم و ئەخیرە بەینی مەو بەینی باری تەعالا لەبۆ نەیلی لەبۆ وەرگرتن و تەحصیل کردنی رضوانی خوای جل جلالە، ئەوە هەمووی موقودیمە بوو یاخود ئیعادە بوو تەقریبەن لەبۆ مەوزوعی أسماء الله و أفعالە.

ئەوەی کە لێرە مەوجود بووە لە دەرسەکانی سابیق چ مولاحەظات و سوئالی هەیە لەو دوازدە لەو سێزدە موحاضەرەی کە چووە إن شاءالله موباشەرەتەن تەقدیمی کا، لۆوەی ئەو رۆژە بەسوئال و جەواب بیبەینە سەر، حەفتەی دادێ إن شاءالله سەر لە نوێ دەچینە سەر ئەفعالەکانی خوای ئەگەر خوا تەوفیق بدا، فە ئێستا چ سوئالتان هەیە موباشر بپرسن لۆوەی ئەگەر خوا تەوفیقیدا بتانین جوابتان بدەینەوە.

(پرسیار) ئەو برادەرە دەفەرموی: ئەگەر هاتوو کیتاب هەبوو لە ئەسنای ئەسمائو ئەفعالی خوای تەمرین دەکرێ لە داخیل لۆوەی فیعلەن بناسرێ بەحەقیقەت وفقی قورئان، ئایا کیتاب خیندن چاکەیان خراپە؟

(وەڵام) لەجەواب دەرێین: لەبەر ئەوەی ئەمە پێشی ئەوەی بچینە خزمەت قورئان چووینە لای کیتابان، مەثەلەن ئەمە هەمومان ماذا یەعني إنتماء إلی (الاسلام)مان دیتیە ئەگەر نەشمان خیندبی، لە حەفتاکان فەتحی یەکون رەحمەتی خوای لێبی لە لوبنان طەبعی کردیە، ئەمما لێرە ببووە ماددە و دەرس لێی دەخیندرا، لایەزالیش موحتەمەلە زۆربەی مسوڵمانان ئیعتیمادی لە سەر بکەن.

له مێشکی من ئەمن ئیسلامەك فێربووم وفقی رەئی مامۆستا فەتحی یەکون واضحە؟ عیلمەن مامۆستا فەتحی یەکون جوزئی ئەو مەوزوعەی پێیە نەك هەموو، ئەگەر مامۆستا فەتحی یەکون فیعلەن مومەثیل بایە لەبۆ خوای دەبا ببتە نەبی، لۆیە لەبۆ صیغەی ئیمان دروست کردن حەتتا ذاتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەسیط نییە لەبۆ ناسینی خوای، وە صیغەی ئیمان دروست کردن ذاتی رسول الله وەسیط نییە، وە رسول الله صلی الله علیه و سلم محمد بەس ناقیلە رەسولە، کەلیمەی رەسولە لەوەی زیاتر نییە، یەعنی ئەو کوللی ئیشی پێغەمبەری مە صلی الله علیه و سلم لەگەر جەمعی ئەنبیاء و روسل هەمووی لە قورئان تەحدید کرایە بەوەی: (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (الجمعة ٢.)، یاخود (من أنفسهم)، (...يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ)، مەرحەلەی یەکەمە، (وَيُزَكِّيهِمْ) دووەمە، سێیەم (وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ)، چارەمین (وَالْحِكْمَةَ)، ئەو چار مەرحەلەیە هەموو قورئان باحثی ئەنبیاء و روسل دەکا بەو چار بوعدەی دادەبا.

یەکەمین (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ) عیلمەن هەمووتان عیلمتان هەیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئوممی بوو، وە لەبۆ جوملەی صەحابەی کیرام مێز و کورسی دانەنابوو تەعلیمیان کا، چی دەکرد؟ بەس تیلاوەی دەکرد آيات الله الكونية، تازە بەحثی پەپولەمان کرد، باری تەعالا بەحثی حوشتریان لۆ دەکا، بەحثی عاردیان لۆ دەکا، بەحثی عاسمانیان لۆ دەکا، بەحثی خورمایان لۆدەکا واضحە برای من؟ بەحثی شەمسیان لۆ دەکا، ئەو کابرا عەرەبە یەکەکی وەکی ئەبو بەکر بیست وقسور سار صەحڕای کوتیە، چونکی تاجیر بوو ملیۆنێر بوون شەسەت کیلۆمەتری بەینی مەککە و حەلەبی قەطع کردیە هەموو جلدی سوتایە لەبەر رۆژێ، لەمە زۆر زیاتر تەمشای رۆژی کردیە، ئەمما کە پێغەمبەر هاتیە یەکسەر پێی فەرمووە: (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا) (الشمس ١)(وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا) (الشمس ٢)لۆ؟ چونکی سەر لە نوێ ئەبو بەکر بە چاوەکی دی تەماشای شەمس بکا، ئەو شەمسە نییە نۆوەت و سێ ملیۆن میل لە مە دوورە، سی وحەفت کیلۆغرامی مادده تەحویل دەبی لەبۆ طاقە، ئەوە روئیەك فیزیائی صرفە، کافرەکان ئەو نەوعە عەقلیەتەیان لەبۆ مێشکی مە دانایە لۆوەی ئیحساس نەکەین فیعلەن الله جل جلالە خۆی موتەحەکیمە بەرۆژ، رۆژەکەی دەیهینی و دەیبا وەکی تۆپەکی ئەو خۆی موهەیمینە رۆژی دەبا لەلایەکی مانگی لەلایەکیتکە دەردەکا قانونی هەیە.

ئەبو بەکر لەمەوپاش کە دێ تەماشای رۆژ دەکا خوای لە پشت ببینی قودرەتی خوای لە پشت ببینی کبریائو عەظەمەت و هەیمەنی خوای لە پشت ببینی واضحە برای من؟ عیلمەن کوتوب خودا

ئەجریان بنوسی هەموویان هەر لە جیلی تابعین کە بەعیلمی کەلام مەشغول بوینە هەتا مامۆستا قەرضاویش خودا لە گوناهی هەمومان خۆش بی، ئەمما ئائەو حالەتە دەبی موومارەسە بکرێ.

لۆیە سێ و قسور ساڵ بوو نوێژیان لە سەر فەرز نەببوو، عیلمەن ئایاتی خوای موستەمیر دەهاتە خوارێ لۆوەی چاویان بکاتەوە، گێیان بکاتەوە لەگەر مەخلوقات عیلاقە دروست کەن، کە مەخلوقاتیان ناسی خالقی مەخلوقات وفقی ئیرادەی خوای دەناسرێ برێ ئەوە رەسمەکە بوو ئەوە بیگ بێن، ئەوە سەعاتەکەیە هەها تینگە تینگی چەند عەنتیکەیە بە چاوی خۆمان ببینین بەگێ گێمان لێببی لەمس کەین دەستی لێبدەین پێمان عەجیبە وەیە یان نا؟ و لله المثل الأعلی باری تەعالا ئەو های دەوێ، نەك بەس ئەمە تەماشا بکەین، ئەو کیتابە ئەو تەماشا کردنەی لە مە دروست کرد، نەك فیعلەن دایبنێین بچین بخینین، پاشان ئەوە نوقتەی یەکەم.

نوقتەی دووەم مامۆستا قەرضاوی روئیەی خۆیتی لە مەوضوع طەرح دەکا، عیلمەن وەکو تازە بەحثمان کرد ئەگەر بهاتبا باری تەعالا پێی باشتربا شەرحەك لەبۆ ئەسماء و ئەفعالی خۆی یان چۆنیەتی ئیمان دروست کردن لەبۆ خۆی شەرحەکی لەگەر دابەزاندبا کیتابەکی هەر دادەبەزاند حەتمەن، لۆیە بەس ئەو قورئانە دابەزی چیتکەی لەگەر نەهات مولحەقات.

نوقتەی سێیەم موشکیلەی مە ئەوەیە کە دێین کتابەکان دەخینین لە سەر مێشکی خۆمان قاعیدەك دادەنێین، ئیللا دەبی لە رێی کیتابەکانەوە لەبۆ خواو پێغەمبەر بچین.

ئەها مەثەلەن قەواعیدی ئیعتیمادی عولەمای دین لە سەر مەجموعە شتەك یەکەمین قورئانە، دووەمین سوننەیە، سێیەمین ئیجماعە، قیاسە، ئیستیحسانە، ئیستیصحابە، مەصالح مورسەلەیە، بەتەسەلسول هەتا سەلەفیەکانیش لە سەروەی موتەفیقن کیتاب و سوننە ئیجماع و قیاس سەلەفی لە سەر ئەو چارەی موتەفیقە، خۆشمان دەلێین ئیجماعی ئوممە لە سەر خۆ ئەو چارەی موتەفیقە، الکتاب والسنة الاجماع والقیاس.

کە دەلێین الکتاب والسنة یەکەمین جار ناچینە خزمەت کیتاب موشکیلەی مە ئەوەیە، پاشان کیتاب کە تەواو فەهممان کرد ئیستعابمان کرد بەجێی ناهێلین بچینە سەر سوننەی، سوننەش ئیستیعاب بکەین نەخێر، ئەمە هەرەمەکە ئەوها بی ئەمە قەلبمان کردیە، یەعنی کیتاب هەرەمەك بینە پێش چاوی خۆتان، قوچەك نییە هەرەم بەکوردی؟ هەرەم هەرەم، قوچەکی پێ دەرێن، سەرکی قوچەکەکەی کەلیمەی (الله)ی لێ بنوسین کتاب الله، دووەمینی سنة رسول الله محمدصحیح رسول الله محمد، پاشان

الإجماع، پاشان القياس ئەوە قاعیدەکەیە، قوچەکەکەش ئەوهایە ئەگەر ئەمە فیعلەن صەحیح بین دەبی یەکەمین جار بچینە سەر کتاب الله، کە کیتاب (الله)مان هەضم کرد تێی گەیشتین ئەوجا بچینە سەر سوننە، نوقتەی سێیەم، نوقتەی دووەممان هەزم کرد ئەوجا بچینە سەر سێیەم.

ئەمە قەلبمان کردیە قوچەك یەکەمین جار دەچینە سەر قسەی عولەماء، عولەما چیان گۆتیە ئیستیعابی قسەی عولەما دەکەین، ئەوجا پاشان ئەگەر ئیقتیدارمان هەبی دەچینە سەر سوننە، ئەوجا پاشان دەچینە سەر کیتاب خۆی والعکس هو الصحيح،

عەکسە ئەوها صەحیحە فیعلەن ئەوەل جار کیتاب الله پاشان سوننەتی پێغەمبەری، پاشان ئەوجا ئیجماع ئەوجا قیاس، کە دێین ئەمە کیتاب دەخینین، کیتابی فلان مسوڵمانی لەمە وابی ئەوە ئیڕادەی خوایە، خودا ئەوهای گۆتیە عیلمەن وەنییە، ئەوە ڕەئیەکە لە زۆربەی ئاڕائی عولەمایتکەش ئەوهاهەیە.

ماعەدای وەی لە دروسی پێشترێ جەنابت مەوجود نەبووی موشکیلەکیتکەش هەیە با گەر یەك صەڕیح بین، ئەویش کوفڕ لەبەر ئەوەی نەیتانی تەحریفی قوڕئان بکا، خودا حیفاظەتی دەکا بەرەسم و کەلیمات، ئەمما کوفڕ تانی لوغە بگۆڕی، زمان بگۆڕی زمانی عەرەبی، فیعلەن تانی زۆربەی مەفاهیمی زمان زۆربەی مانایەکانی زمانی عەرەبی بگۆڕی، مەثەلەن بەحثمان کرد کەلیمە ووشە لە قوڕئان مەعنایەکی هەیە لە زمانی عەرەبی لە کولیەی ئاداب بە مەعنایە کیتکە وەردەگیرێ، لە قوڕئان کەلیمە یەعنی ڕستە دەبی مانایەکی باش بگەینی (إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا)(المؤمنون ١٠٠)، ڕستەك مانایەکی تەواو بگەینی، عیلمەن لە کنەمە کەلیمە لە لوغەی قسمی کولیەی عەرەبی، قسمی عەرەبی کولیەی ئاداب کەلیمە یەك ووشەیە قام هەستا ووشەیە، ئەوە کەلیمەیە لۆوەی لێهات؟ کوفڕ کە نەیتانی دەست لە قوڕئان بدا تانی فیعلەن سەبر سەبر لەگەر زەمەن چوون هەرچی کەلیماتی ناو قوڕئان هەیە مەعنایەکان قەلب کا.

مەثەلەن ئێستا کەلیمە ئیحصامان گۆت، کەلیمە ئیحصا غەیری ژماردنە وەیە یانا؟ عیلمەن لە کنەمە ئیحصا و ژماردن یەك بوو، وەیە یانا؟ فەرقی چەندە بەینی کەلیمەی ئیحصاء و ژماردن؟ فەرقەکی زۆری هەیە، ئەوجا ئەگەر هاتوو ئەوە کەلیمەکە فەرقی هەبی، عیلمەن لە مێشکمان بەینی کەلیمەی ئیحصاء و ژماردن تەشابوهەکی زۆر هەیە، نزیك بوونەکی زۆر هەیە ئەگەر وەکی یەك نەبی.

باشە کەیفە کەلیمەی بگۆڕی؟ ئەوە سەعاتە هەموومان لە کنمان عادی سەعاتە ئەمما ئەگەر هاتوو زەمەنەك هات پاشی هەزار ساڵێتکە ئەوە ناوی ببتە ئاو لە مێشکی نەوەی جیلی هەزار ساڵی پاشی مە کە دەگوترێ سەعات ئەوە دێتە پێش چاوی یان ئاو؟ ئاوەکە، لوغەی عەرەبی ئەوهای لێهاتیە.

لۆیە مەثەلەن کەلیمەی صەعق هەر لە قورئان صەعق هەیە، لە قورئان کەلیمەکە مەوجودە تەفاسیر لەسەدا هەشتایان دەلێ مەوتە، (فَصَعِقَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاء اللَّهُ) (الزمر ٦٨)، دەرێن صەعق مەوتە عیلمەن کابرایەك کارەبا لێبدا دەرێن صعقه الكهرباء، موحتەمەلە نەشمری وەیە یانا؟ باری تەعالا بە حەزرەتی موسا دەفەرموی: (وَخَرَّ موسَى صَعِقاً فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ)سُبْحَانَكَ)(الأعراف ١٤٣))، نەشمرد، (فَلَمَّا أَفَاقَ)،

ئیذەن کەلیمەی صەعق بە تەطەوڕ داچووە ما یسموه بالتطور، لە بەینی دوو کەوانەی دابنێین، کەلیمەکە کأنە تەطوڕی کردیە، لۆ؟ مەثەلەن ئەغلەبی عولەمای زمانەوانی عەرەبی عەرەب نەبووینە، سیبەوەیهـ فارسە ئوستاذی لوغەی عەرەبیشە، موئەسیسی دانەری زمانی عەرەبی و قەواعیدی عەرەبی سیبەوەیهە عیلمەن فارسە.

ئەحمەدی فەڕاهیدی فارسە لە سەدا هەشتایان فارسن، لۆیە سیبەوەیهی کە دێ لە قورئان ناگا مەجبور بچتە ناو عەرەب ناو ئەشعاری عەرەب شیعری عەرەب بکاتە قاعیدە لەبۆ قورئان، لۆیە ئەوەی لە خەریجی کولیەی ئاداب قسمی عەرەبی یان لەوەێ طەلەبە بووبی موحتەمەلە ئەو شتانە لەکنی عادیە، لۆیە قاعیدە هەیە لە کن نەحەوییین ئێستا لە کولیات دەخیندرێ دەرێ: ئەگەر هاتوو تەماشای سورەتی (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ) (التكوير ١)ت کرد، ئەوە کەلیمەکی لێ مەحذوفە، چی لێ مەحذوفە؟ کەلیمەی اذا نایێتە سەر ئیسم، یەعنی ئەگەر کابرایەکی عەجەمیش بی، کوردیش بی، برێ إذا دێتە سەر ئیسم ئەوە کوفری کردیە، فیعلەن ئەو کەلیمەیە بەکەلیمەی کوفڕ لە لوغەی عەڕەبی هەیە، من قال بأن اذا تدخل على الاسماء فقد كفر، باشە ئەدی باری تەعالا دەفەرمی: (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ)شەمس ئسیم نییە؟ ناو نییە؟ هاتینە چیان لێ کردیە گۆتیتی مەقسەدی خوای لێرە اذا كورت الشمس كورت، ئەمما کەلیمەکەی حەذف کردیە خودا حەذف دەکا؟.

بەو ئوسلوبەی مەقامی قورئان لەبەر ئەوەی بەشەرەکە قاعیدەی لۆ دانایە، نەچوویتە خزمەت قورئان لە خزمەت قورئان قاعیدەدابنێ، قەواعیدی زمانی عەرەبی دابنێ، نەء، چوویتە ناو شیعری عەرەبی، چوویتە ناو بن خەیمەی عەرەبان کە شتەکی گێ لێبووبی یەکسەر تەدوینی کردیە، لە سەر

ئەو تەدوین و نووسینەی زمانی عەرەبی دروست کردیە، قاعیدەی زمانی عەرەبی، عیلمەن قاعیدەی زمانی عەرەبی لە سەدا هەشتا لەگەر قورئان تێك ناکا، واضحە برای من؟

لۆیە مەثەلەن زۆر طەبیعیە لە ناو تەفاسیر ببینی ما حەرفی زائیدەیە، خودا زیادی دانایە واضحە؟ مات الرجل وەکی ئەو پیاوە گۆتی ئیعرابیکە، مات فعل ماض، الرجل فاعل، عیلمەن رەجول فاعیل نییە، الله فاعیلە، من ممیت؟ وەیە یانا؟ ئیذەن تەغیرەك هەیە لە زمان، لۆ وەکرایە؟ موئەسەساتی ضەخم هەبووە هەر لە پاش زەمانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) موحاوەلەیان کردیە فەجوە فەراغ بەین دروست کەن، لە بەینی قورئان و بەینی موجتەمەع، باشترین سیلاحیش لەبۆیان تەطویری زمانی عەرەبی بووە.

لۆیە زۆر طەبیعیە کابرای لوبنانی ئێستا لە کابرای مەغریبی ناگا، یەعنی ئەگەر بهاتبا ئەوەندە موسەلسەلات و فلیمی مصری لە بۆمە لێنەدرابا لە زەمانی حکومەتی ئەمە لە لەهجەی مصری نەدەگەیشتین وەیە یانا؟ ئێستا مصری و لوبنانی یان لوبنانی و مەغریبی نازانم مەغریبی گێتان لێبوە لەقسەکردنیان؟ کە قسان دەکەن تێی ناگەی لەتوابی فرەنسی قسان دەکەن، کوفر تانیتی حەتتا لەهجات بگۆری بە ناوی تەطویر بە ناوی تەغیر لۆوەی مواکەبەی عەصر بکا، مواکەبەی زروف وزەمەن بکا.

لۆیە زۆربەمان ئێستا ئەمە ئەمەش خۆمان لە قورئان ناگەین دەبی بچینە خزمەت تەفاسیر، عیلمەن کابرای موفەسریش موتەئەثیرە بەلوغەی عەرەبی، لوغەی عەرەبی موتەطویر ما یسموه بالتطور، لۆیە سەید رەحمەتی خوای لێبی لە ضیلال، وە شەوکانی رەحمەتی خوای لێبی لە فتح القدير ئیشارەت لەبۆ ئەو حالەتانە دەکا، دەبی قورئان بەفیطرە وەربگیرێ نەك بە زمان، ئەگەر جەنابت مەوجود بای پێشی تەقریبەن حەفت هەشت دەرس بەحثی فیطرەمان کرد، کو قورئانیش ئیستنباط و ئەخذ لە فیطرە دەکا، (عَلَّمَ الْقُرْآنَ) (عَلَّمَ الْإِنسَانَ) کو تەعلیم کرایە ئەو قورئانە کو رەبط کرایە لە سەر جیهاز لە ناو داخیلی ئینسان.

(پرسیار) بەلێ سوئال کوی تەعامول لەگەر بکەین مەعقولە، سوئالەکەی تێگەیشتن؟ ئیعادەی کەمەوە؟ سوئالەکی وەجیهە ئەو برایە دەلێ: جەنابمان تەئکید دەکەینە سەر تەرتیبی نزول وەیە یان نا؟ دەرێین قاعیدەی ئەوەل و ئەخیرە لەبۆ ناسینی خوای وەیە یان نا؟ ئەوە مەقصەدتە؟ باشە مەثەلەن

له ضمنی موجتەمەعی عەرەبی ئەو زەمان جوملەك موحەڕەمات هەبوو گوناهیان دەكرد لە عارەق خواردن و لە زینا و لە ریبا و إلی آخره.... ئەوانە هەمووی بگرە.

جوملەك مەئموراتیش هەبوو وەكو نوێژ مەثەلەن وەكو نوێژ كردن وەكو حەج كردن وەكو زەكات دان وەكو قیتال كردن جیهاد، باشە ئەوانە كو تێك دەكەین ئەمە؟ یەعنی ئێستا ئەمە دانیشین ئەوە مەقصەدتە؟ دانیشین واز لە نوێژی بینین دەبی هەتا ئیمانمان بەخوای دروست دەبی؟ دەبی عارەقیش بخۆین وەنییە؟ بەرێ هەتا ئایەتی تەحریمی خەمرمان لۆ دێتە خوارێ دەبی ئەویش بە مەڕاحل بێتە خوارێ وەنییە؟ زۆر چاكە بارك الله تیگەیشتن لە سوئالەكەی؟

(وەڵام) موحتەمەلە ئەوە سوئالەكی وەجیهـ بی لە مێشكی زۆریشتان مەوجود بی، بەرێ برای شیرینم قەدیمەن گوتمان ئەوە قانونە مەنهەجە وەیە یان نا؟ گوتمان ئەو قانونەش تەعلیم كرایە، ئەو قانونە تەعلیم كرایە ئەوە لە بۆمە هاتتە خوارێ، ئەمە جیهازەكەینە، جیهازەكین ئەمە كو ئەوە سەعات جیهازە ئیشی خۆی دەكا، ئەوە جیهازە ئیشی خۆی دەكا، ئەو جیهازە ئەمەش جیهازین ئیشی خۆمان دەكەین، ئیشی مە بەس عیبادەتە، خودا جل جلالە كوی ویستبی ئەو جیهازە لەبۆ عیبادەت ئەوها خەلقی كردیە، كو كابرای سەیارە دروستكەر موختەریع، ناوەكەشم لە فكر چوو بەو دەقەیەی ئەها هێنری فۆرد كە سەیارەی دروست كرد، ها سەیارە كو برۆیشتبا حاجەی رۆیشتن كوبوو ئەوهای دروست كرد، مەسەلەن لە بیدایەت تایەكانی ئاسن بوو، وەكی دیتی لە عاردی دەخشێ و ئەزیەت دەدا و تەق تەق دروست دەكا، گۆڕی كردیە تایە،ئیذەن حاجەی ئیشەكەی كوبوو ئەوها جیهازەكەی تەطوڕ پێ كرد، باری تەعالاش و لله المثل الاعلی، ئەمە كوی بوێ لەبۆ عیبادەت ئەمەی ئەوها خەلق كردیە ئەوە نوقتەی یەكەمە.

دووەم: ئەوە قانونە ئەمە جیهازەكەبین داخلیشمان شریتەكی دانایە بلێین، هاتیە باری تەعالا ئەو قانونەی لە سەر ئەو شریتەی طەبع كردیە، ئەوە مەفهومی كەلیمەی تەعلیم بوو، بەحثمان كرد نازانم بەبیرتان مایەیان نا؟ كەلیمەی تەعلیم گوتمان باری تەعالا ئەو قانونەی لە سەر وەی طەبع كردیە، هاتیە ئەوانەشی شكاندیە لۆوەی نەسترێ، مەثەلی قورئانیشمان لەبۆ هینا.

ئیذەن ئەو قورئانە لێرە مەوجودە (قْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (العلق ١)، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ، عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)، كێ تەعلیمی كرد؟ ئینسان؟ الله. (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)، ئەمە كێ تەعلیمی كردین؟ (عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ)

الله، چاكه باشه لەبۆ حەزرەتی ئادەم مێز و كورسی دانا؟ الف، باء، تاء، ثاء، فێری كا؟ نەخێر، چیكرد؟ (وعلم الاسماء) (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء (البقرة ٣١)، چی كرد؟ ئەو جیهازە لەناو داخیلی ئادەمی مەوجودە، میكرۆفۆنەكەی بیلا تەشبیهـ لەبۆ دانا، هەرچی ویستی لەناوی طەبع كرد، لۆیە كە ئادەمی ئیش پێكرد وەكی جیهازەكی بیلا تەشبیهـ ئەوە مثەلە ها، كە ئیشی پێكرد یەكسەر ئادەم ما هذا؟ فەرمووی: ملائیكە، من أنا؟ فەرموی: أنت الله، ما هذە؟ فەرمووی: جنة، لۆ؟ چونكی ئادەم جیهازی داخلیی تەعلیم كرابوو، بە چ؟ بە قورئان، ئەوە مەرحەلەی یەكەم.

مەرحەلەی دووەم كو قورئان؟ (الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)، بزانیٚ؟ ئەوە مەرحەلەی دووەمە، ئیذەن هەرچی خوا دەیەوێ لە قورئان لە ناو داخیلی مە مەخلوقە بە مەفاهیم طەبع كرایە، ئەوانەشی شكایە لۆیە رۆژی قیامەت كابرای كافر بیگن ی مەثەلەن قیتی دەكاتەوە باری تەعالا زیندی دەكاتەوە دینی ئەمری پێدەكا، (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ)؟ (قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّين) نوێژمان نەدەكرد، ئەو مۆشێداینە بەستەزمانە دەبی وەبرێ، رۆژی قیامەت ئەوها دەلێ، بەچ قسان دەكا؟ بەو جیهازەی كە تێیدا مەوجودە ئەو وەختی مێشك و چاو حیلە و غەش و خیداع و تەفەنون و دیبلۆماسیەت نابی لەگەر خوای، حەقیقەتی دەبی كەشف بی حەقیقەتەكە چییە؟ فیطرەیە، قَالَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) « كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ)رواەبخاری،

ئیذەن ئەوە تەعلیم كرایە، چ تەعلیم كرایە؟ ئەوە تێیدایە عارەقی مەخۆ لێرە طەبع بووە، تێیدایە چاكەی بكە لێرە طەبع بووە، تێیدایە صالح بە طەبع بووە، خوای بەحەقیقەت بناسە طەبع بووە، ئەوانە هەمووی (الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ)، (الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)، باسی هیچ موفەسیری تێدانییە، بەیانەكەشی فێرە ئینسان كردیە، واضحە برای من؟

ئیذەن ئیفعەل هەرچی دەكەی لێرە مەفهومی مەخلوقە، لەوەی ئەوەش لێرە دانرایە، كە پێغەمبەر دێ ئەوەی پێیە ئەوە كلیلەكەیە برێین پلی بە بەوەی وەنا ئەوە دەست پێ دەكا بەئیش كردن، ئەوە و ئەوە یەكە، لۆیە هەرچی لێرە مەوجودە ئۆتۆماتیكیەن وەكی وەی موطابیق دێ، واضحە؟ یەعنی كابرای كە رەسولەكە (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ) چ دەخلەك چ زەحمەتەك چ ئەزیەتەك نابینی فیعلەن لەبۆ ئیمان هینان، كە فیعلەن رەسولەكە پێی دەرێ تەماشای ئیبل كە، تەماشای حوشتری كە، تەماشای چیای كە، تەماشای خۆت كە، تەماشای ئاوت كە، تەماشای خواردنت كە، كە ئەوانە دەبینی یەكسەر ئیمان لە داخیلی خۆی دروست دەبی.

لۆیە پێغەمبەرەکان ئیمانیان نەهینا لە ناو داخیلی مە دابنێن، ئەصلەن ئەمە ئیمانمان هەیە زیندوو دەکەنەوە، (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ) (الأنفال ٢٤)، شتەکە مەوجودە ئەمما تۆزی کەتتە سەرێ چلکی کەتتە سەرێ رەسولەکە دێ ئەوەی ئیزاحە دەکا، چاکە هەرچی لەوەیدا بکا ئیفعەل، چاکە بکە موصارِیح بە، نوێژێ بکە، رۆژی بگرە، هەمووی لەناو وەی مەوجودە، لەناو وەش مەفاهیمی مەخلوقە، عەکسیش عارەقێ مەخۆ، پیاوی مەکوژە، زینایێ مەکە، درۆیێ مەکە، غەشێ مەکە، لەناو وەی مەوجودە لە سەر وەش طەبع کرایە، ئەوە نوقتەی دووەم.

بێینە سەر هێنری فۆردی، هێنری فۆرد کە دروستکەری یان موکتەشیفی سەیارەی بوو ئۆتۆمبێل ماشین ئەو دروستی کرد، کە دروستی کرد بردیە بازاڕی لە ناو مەعرِەضی دانا، دەورەمەندەکان لە ناو لەندەن کابرا خەرکی بریطانیایە لە لەندەن گۆتیان واللە لۆ مەش دروستکە، پارەیان دایێ دەورەمەند بوون، تەقریبەن سی و چار سەیارەی دروست کرد، هێنری فۆرد لە مارێ مەعمەلی دانا تەق تەق تەق تەق تەق سەیارەی دروست دەکرد دەیدایە کابرای دەورەمەند، دەورەمەندیش سواری دەبوو پیاسەی لەندەنی پێ دەکرد، خەرکەکە لەوەی رانەهاتبوون لۆیە ئەو سەیارانە مەجموعە خەرکەکیان کەتە بنێ، سەرکیان شکا لاقیان شکا مەجموعەك مردن، خەرکی ناو لەندەن شکاتیان کرد لە شورِطەی، شورِطە لەگەر بەلەدیەی هەستا جادەی دروست کرد، پاشانیش هەر مەخفەری شورِطەی شورِطەکیان رەوان کرد لە شارعە ئیزدیحامەکان کابرای شورِطە راوەستی، لۆ چ؟ لۆوەی ئەگەر هاتوو سەیارەی هێنری فۆردی پەیابوو لە دوور بەخەرکەکەی برێ کاکە راوەستن سەیارە هات، ئەوان لەو بەری جاددەی راوەستن هەتا سەیارە دەرِوا، جەنابی سەیارە رۆیشت ئەوجا عالەمەکە لەو بەری نەقل بی لەبۆ ئەو بەرەی، ئەلعانیش دەستی کابرای مرور ئەوهایە کەوەی کرد یەعنی ئەتو راوەستە، ئەوجا ئیشارەت بەوەیتکە دەکا بەدوو دەستان ئیشارەت دەکا، کە سەیارە زۆر بوو مەجبور بەلەدیەی لەندەن دەورەکی بکاتەوە لەبۆ شورِطەی مروری، سەبر سەبر ئەوە بووە قانون، قانونی مرور نەك بەس لە لەندەن تەطبیق کرا، لە سەر هەموو کورِەی ئەرض تەطبیق دەکرا.

جەماعەتی مە وەکی دەچوونە کولیەی شورِطەی لەبۆ مرِوری لە بەغدایێ لە کولیەی شورطە تەخەروجیان دەکرد، پاشی چار ساری دەبوونە ضابطی مرِور، قانونەکەیان لە کێ وەرگرتبوو؟ لەو مرِورە مام شورتەیەی پێشتر لە لەندەن دەستی لۆ عالەمی رادەگرت و ئیشارەتی دەدا، چ جار نەمانزانی جەماعەتی ضابطەکانی مرِوری عێراقی و سوری و ئەمریکی و سویدی هەمووی بچنە

لەندەن، کابرای شوڕطی قەدیمیش زندی ببتەوە برێ بابە لەبەر فلان سەبەبی فلان کەس مرد، لۆیە ئەمە فلان قانونما دانا، ئیحتیاجمان بەفلان قانونی هەبوو ئەنگۆش دەبی وەبکەن، چ ئەو دەوراتانە نەکراوە لەوێ، کابرای شورتی دەستەپیش لێرە لە سەفی شەش تەخەروج دەکا لەبۆ کولیەی شوڕتە دەبتە شوڕتی قانونەکانی هەمووی لەبەرە، سەبەبی قانونەکەشی دیراسە نەکردیە، واضحە؟ دێ یەکسەر لە هەولێرێ تەطبیقی دەکا، ئیحتیاج بەوەی ناکا بچتە لەندەن سەبەبی قانونەکەی چ بوو دیسان ئەمە هەموو فلیمەکان ئیعادەکەینەوە، سەر لەنوێ تیکراری کەینەوە ئەوە نوقتەی سێیەم.

گۆتمان ئەوە قانونەکەیە ئەوەش جیهازەکەیە، ئەوە لە سەر وەی نەسخ کرایە طەبع کرایە، ئێرەشی شکایە لۆوەی نەسترێ ئەوە لێرە مەجودە، ئەوە لێرە مەوجودە، ئەوەش لە کن پێغەمبەرەکەیە، کە پێغەمبەرەکە علیە الصلاة والسلام هات بیلا تشبیهـ بلێین ئەوە جیهازەکەیە پلی بەوەی نان ئەوە دەست بە ئیش دەکا، دەستی بە ئیش کرد ئەوە هەمووی ئەوە تێیدا بوو، عارەقی مەخۆ، لە ناو وەش مەوجودە کە ئەوە گۆتی خوای بناسە لایەنی عارەق نەخواردنەکە کەم دەبی، دیتە خوارێ طاعەت و تەقواو خواناسین برند دەبی سەبر سەبر، لۆ؟ (وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ) (الحجرات ٧) وەیە یانا؟ لە جێیەکیتکە دەفەرمی: (كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ)(المجادلة٢٢) کەتەبە ئەوە لە سەر وەی نوسرا لێرەش دانرا.

لۆیە زۆر طەبیعیە کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) بێ رۆژی یەکەم و دووەم بەحثی طاعەت و تەقوای خوای بکا یەکسەر موصعەب واز لە عارەق خواردنێ بینی شەرم بکا لەخوای، موصعەب چیدی چاو بازانێ نەکا چونکی موڕاهیق بوو، عومری هەژدە سار بوو، جوانترین گەنجی ناو مەککەی بوو واز لەوەی بینی لۆ؟ کە جیهازەکە پلی پێوەنا پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) ئیشی کرد، هەرچی حەیەویەت هەیە لای چاکەی دەفەعاتی لەبۆ دروست دەبی برند دەبی، هەرچی خراپە کاریەکە طەمس دەبی، چونکی ئەصلەن تێیدا نییە لاتەفعلی تێدا نەکرایە، عارەق دەقوم و پازدە قوم و بوتڵەك و دە بوتڵ لە ناو بەدەنی لە ناو ئیمانی لە ناو جیهازی داخیلی دروست نەکرایە.

لۆیە هەر ئەصلەن کورهی عارەق دەکا، کە پاشان یەکسەر مەفاهیمی ئیمانی وەرگرت، لۆیە، لۆیە تەئکید دەکەم لە طولی جوملەی صەحابەی کیرام ئەو حەفتا نەفەرەی کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لەگەریان ماندی بوو لە مەککە یەك گوناهـ نەکرایە، هەر لە رۆژەکانی یەکەمەوە یەك زینا یەك ریبا یەك قەتل یەك غەدر یەك غەش نیە بەتاتەن.

لۆیه ش عەممارِ داکی و بابی کە شەهید دەبن لە مستەوای شەهیدەکانی ئوحود و بەدرن، کە کابرا هاتە ئیمان هەرچی ئیمان هەیە حەیەوییەتی برند دەبی لەبۆ ئەو مستەوایەی، واضحە برای من؟ حاری بووی ئێستا؟.

ئیذەن کە ئەمە دێینە سەر سورەتی علق بەحثی صەڵاتی تێدایە، نوێژان دەکەین، وەکی دەچینە خزمەت سورەتی مزمل بەحثی قیتالی تیدایە، (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَى وَآخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي الْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ اللَّهِ وَآخَرُونَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) (المزّمّل ٢٠) ئایەتەکە بالظبط ئێستا، ئەهـ بارك الله.

سێیەمین سورەتە باسی قیتالی تێدایە، ئیذەن باری تەعالا کە ئایەتەکەی وفقی ترتیبی نزول کردیە، کامل هینایتی وفقی جیهازی من واضحە؟ ئیذەن کە ئەمن ئیمانم بە باری تەعالا دروست بوو کما یریده هو، وەکی ئەو مندارەی ئەو جەنینەی ئەو مندارەی کە لە داکی دەبی تازە بیلا تشبیهـ برێین لە دەستەکی قورِئانەك هەیە، لە دەستەکیش شمشێرەك هەیە ئەمما هۆردووکیان گچکەنە، کو چاوی هەیە ئەمما نابینی، زمانی هەیە ئەمما ناتانی قسان بکا، پارچە گۆشتەکەی هەیە ئەمما ناتانی قسان بکا، دەستی هەیە ئەمما ناتانی هیچی پێ بکا، بیلا تشبیهـ برێین قورِئانەکەی بەدەستی راستی بی شمشێرەکەشی بەدەستی چەپی بی، کە مندارەکە لە دایك دەبی ئەوها لە دایك دەبی، کە داکی شیری دەداتێ لە سینگی رۆژ بەرۆژ هەموو بەدەنی گەورە دەبی، نەك بەس سەرکی گەورەبی دەستی وەکی خۆی بمینێ، سەرکەکی گەورە دەستی گچکۆکە وەنییە؟ کە ڤیتامینات وەردەگری لە شیری داکی لەبۆ هەموو بەدەنی دەچی، لۆ هەموو ئەجزائەکانی دەچی، لەبۆ دەستیشی دەچی، لەبۆ قورِئانەکەی ناو دەستیشی دەچی، ئەوەش گەورەدەبی، ئەوەش گەورەدەبی لەو دەستەی، دەی سەبر سەبر ئەوە گەورە دەبی ئەوەش گەورە دەبی، هەتا دەگاتە ئەو حەددەی فیعلەن ئائەوەش تەطبیق دەکا ئەوەش تەطبیق دەکا، واضحە؟

کو زمانی هەیە لە بیدایەت قسەی پێ ناکرێ، چاوی هەیە لە بیدایەت نابینی، گێی هەیە لە بیدایەت نابیستی، دەستیشی هەیە قورِئانەکەی پێیە ئەمما تێی ناگا، کە داکی شیری دەداتێ هەموو بەدەنی گەورە دەبی دەستیشی گەورە دەبی ئەوەش لەگەری گەورە دەبی، فیعلەن دەگاتە ئەو مستەوایەی بتانی

تەطبیقی کا بەگۆترە نا بەحەقی خۆی، واضحە برای من؟ ئائەوە تەرتیبی نزولە، ئائەوە صیغەی ئیستیفادە کردنە لە تەرتیبی نزول.

ئەوە تەقریبەن دەرس تەواو بوو ئیلا ئەوەی سوئالیتکەی مابی إن شاءالله ئەوەی نیەتی چوونی هەیە خواحافیزی بی.

(پرسیار) بارك الله فیکم ئەوەش موهیمە، (وەڵام) پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەبۆی هاتیە: (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ) أو (من أنفسهم) (...يَتْلُو عَلَيْهِمْ)، ئێستا کێ تیلاوە دەکا؟ باشە تیلاوە کەلیمەی چییە؟ مەعنای کەلیمەی تیلاوە چیە؟ دەزانی کەلیمەی تیلاوە یەعنی چاو گێران؟ ئەمما بەچ؟ بەئیرادە. چاوەك پەردەی لە سەر نەبی چاوەك شتی لە سەر دانەنرا بی، عەدەسات سپی بەرەش نەخێر، چاوەك بەحەقیقەت ببینی وە ئیرادەشی هەبی، چاوەك کە بیەوێ تەماشای چیای بکا رسمە خیلاعیەکەی نەیێتە پێش، ئەصلەن رسمە خیلاعەیەکەی لادابی، کەینێ چیاکەی دیت بەحەقیقەتی خۆی ئەوە تیلاوەی کرد،کە تیلاوەی کرد وەکو تازە بەحثمان کرد جیهازەکە ئەوە سەبر سەبر تیبدا مەوجودە، مەفاهیم دەدا، ئەصلەن ئەوە مەخلوقە لە ناو داخیلی کە مەعنا، وەکی داکەکە شیری دەداتێ، کابرا کە تیلاوەی دەکا شیری وەردەگری شیر، شیری داکی شیری ئەو مەخلوقاتانە وەردەگری، چاوی دەبتەوە، دەستی دەبتەوە، جیهازەکەی داخیلیشی دەست دەکا بەئیش کردن ئائەوە تیلاوەیە.

لۆیە دەگاتە مەرحەلەك حەقیقەتەن ئیحساس دەکا، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەس بەدەنی مردیە، ذاتی مردیە، شەخصیەتی پێغەمبەری نەمردیە، لۆیە ئیحتیاج ناکا بچیتە سەر سیرەش، (فیقە السیرة) ی ئیمامی بوطی یان ئیمامی غەزالی یان فلانی بخینی، ئیحتیاج ناکا هەر لە داخیلی قورئان پێغەمبەر دەناسی، لە داخیلی قورئان کە پێغەمبەری ناسی ئەوجا تەقدیری پێغەمبەری دەزانی کوە، واضحە؟ یەعنی جوملەك حەقائیق مەربوطە بەو حالەتەی کەینێ ئەوەی کرد فیعلەن ئەوجا تەغیر دەبی لەداخیلی.

میثالی شیرمان هینا، شیری داك حەلیب ها، کەلیمەی شیر لێرە مەقسەدمان حەلیبە، ها نەك شمشێر، ئەوەش شیری پێ دەگوترێ، ئەمما لێرە وەکی گۆتم ئەو دەستە شیری پێوەیە ها لە فکرتان نەچی، ئەوە قورئان و ئەوەش ئەوە، بێینە سەر ئەو دایکە شیریدا مندارەکەی، شیرەکە چووە هەموو بەدەنی وەیە یانا؟ یەك لەوانە چاویتی یەك لەوانە گێیتی لۆیە چاوی سەبر سەبر دەکرێتەوە شتی پێ دەبینی.

مەسەلەن یەکەمین جار رەنگی سۆری پێ دەبینی مندار، لە چار مانگی رەنگی سۆر دەبینی، پاشان سەبر سەبر ئەوجا رەنگیتکە دەبینی، گێی دەکرێتەوە لەبۆ دەنگی گەورە سەبر سەبر، ئەوجا دەنگی نزمیش دەبیستی، چاکە باشە ئەگەر لۆ چاوی نەهاتبا ڤیتامیناتەکان قوەکان چاوی کۆرنە دەبوو؟ لۆ دەستی نەهاتبا دەستی شەل نەدەبوو؟ گچکە نەدەما؟ قەناعەتتان هەبی ئیمانیش ئەوهایە، کە دێ ئەو قیرائەیەی دەکا، ئەو ئیمانە ئیحیا دەبی، زیندوو دەبتەوە لە داخیلی ئەو ئیمانەی، شتەك دێتە ناو چاوی قەناعەتت هەبی ئەتوو گەنجی دەتەوێ نەزەر بکەی نەزەرت پێناکرێ، وەکی ڤیتامینەکەی دێتە پێش چاوت چیدی لە داخیل موغناتیسیەتی ئافرەتی سفور جەزبت ناکا، رسمەکەت جەزبت ناکا، نەك وەکی کابرای تەسبیحی لە دەست بی سبحان الله أستغفر الله أستغفر الله بکا و خۆشی لەباوەشی کچەکەی دەبینی، نەء هەر ئیرادەتەن حەزی لێ نابی چیدی، ئائەو ئیمانە ئەو قیرائەیە ئەوهایە، یەعنی لە داخیلی طەبیعەتەك دروست دەبی لەبۆ گوناهـ ناچی، مەنعەك دروست دەبی بەینی خۆی و بەینی گوناە، دەفعەکیش دروست دەبی لەبۆ خێر و چاکە، واضحە؟ ئا ئەوە حەقیقەتی ئیمانەکەیە (حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ)، موقابیلی وی عەکسی وی چییە؟ (وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ).